www.kurdistannet.org
24-5-2003 22:33

بە ناوی کوردستانی گەورە !

# سانسۆر، ویرووس یا تورمزی مێشکی مرۆڤە !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هەر وەک دەزانین، یەکێک لەو شتە گرنگانەی کە مرۆڤ لە باقی گیاندارا جویٚ دەکاتەوە و نازناوی ئەشرەفی مەخلووقاتی پیٚ دەبەخشیٚ، بیر، ئەندیشە و هەستی ئەوە. بۆ وێنە، هەر بەم بیر و ئەندێشەیە، ئەم کامپیوتێر و ئینتێرنێتە دروست بوە، کە دەتوانین بلێین، یەکێک لە گرنگترین هەنگاو گەلی زانستی مرۆڤە، لەتەواوی مێژو دا.

بەڵام بەداخەوە، زۆرتر بیر، ئەندێشە و هەست هی ئەوانە بوە، کە خاوەنی زۆر و زێڕ نەبوون، یا دەتوانین بە پێچەوانەی ئەوە، وەک قەزییە یەکی هەندەسی (Geometrical hypothesis) ، ئەمەش بلێین کە، زۆرترسروشت بەو کەسانەی کە خاوەنی زێڕ و زۆر بوون، بیر، ئەندێشە و هەستی تیژ و داهێنەری واتایی نەداوە.
بو وێنە، لە تاقمی هەوەڵدا، ئاماژە دەکەین بە هۆنەری کەم وێنەی کورد ماموەستا قانع، کە لە بەر بیرمەندی و هەژاری ئاشەوانی کردوە و لە تاقمی دووهەمیشدا، ئاماژە دەکەین بە هی وەک ئەحمەد شای قاجار، کە یەکێک لە کەللە بۆشترین شاکا نی جیهان بوە. جا وەرە، دەمو دەزگای یەکێکی وەک ئەحمەد شا، بۆ ماموەستا قانع خەت و دروشم بکێشیٚ و بە واتەی ئەمڕۆ بیر و هەستی ئەو سانسۆر بکا - پێی بلێ چی بێژیٚ و چی نەبێژیٚ. یا وەک ڕەزاشای هەوەڵ، کە لە ئێران، دەمی فەڕوخی یەزدی بەدەرزی و دەزو دوری، تا قسەی حەق نەکا. پێویستە بە ئەمەش ئاماژە بکەم، کە هیچ شتێک موتڵەق نیە، بۆ وێنە خاوەنی زێڕوزۆری وەک ئەسکەندەریش بوە، کەخەڵکی بێلایەن، بە قوتابی ئەرەستویان زانیوە.
سانسۆر وەک ویرووس وتورموز وایە و بیر و هەستی مرۆڤیش وەک کامپیوتێر. بیر، ئەندێشە و هەستێک کە لە ژێر ویرووسی سانسۆریا تورموزدایە، قەت ناتوانیٚ شتێکی بەکەڵک و داهێنەر بیٚ. چون ئەوە ئەوخاوەن بیرە نیە، کە بەرهەم خەلق دەکا، بەڵکە سانسۆرچیە کەیە کە دەهێڵی ئەو چی دابهێنیٚ. بە وتەی کوردی، هەرچی زەرەری بۆپەز ( ڕەشەوڵاغ) ببیٚ، نابیٚ بیڵیٚ و بیکا. بەڕاستی، نووسراوە یا بەرهەمی وا دو قڕان ناژی.
لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر سانسۆر ببیٚ - هۆنەر، فەیلەسووف، نووسەر، هونەرمەند و شتی وا، خۆشیان خۆیان سانسۆر دەکەن و شتەکە وای لێدیٚ، کە یا خاوەنی بەرهەم لە وە تاغی تەنگ و تاریکی خۆ سانسۆریدا، شتەکەی قرتاندوە و قسەی دڵی نەکردوە یا سانسۆر چی ( قرتێنەر) ، شتەکەی وا قرتاندوە، کە لە هەمو شتێک دەچیٚ، غەیری ئەو شتەی کە خاوەن بیر ویستویەتی خەلقی بکا.
ئایا لە هەزارەی سیٚ دا، کاتی ئەوە نەهاتوە، کە خاوەنگەلی زێڕ و زۆر، لە تەواوی جیهان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ( کە پێشینەی بوتسازی دوور و درێژیان هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بوتانە، کە عەرەبەکان بەر لە برایم پێغەمبەر، لە شاری مەککە تاشیبوویان) ، بهێڵن خەڵکی خاوەن بیر و هەست، خۆیان بڕیار بدەن، چی بلێن و چی خەلق بکەن؟ - نەک . . . .
دیارە هەر خاوەن بیرێکیش، دەبیٚ هەوڵبدا کە رێزی زانست، ڕێنووس، پێنووس و لێنووس بپارێزیٚ و خۆی بەرپرسی ئەو شتانە بیٚ کە خەلقیان دەکا، نەک قەییوم و شتی وا. . .
وەرن با بە فەوتاندنی ویرووس و لابرنی تورموزی سانسۆر لەسەر بیر، ئەندێشە و هەستی بیرمەنەندان -لەوە بەرگری بکەین، کە سندووقی گەنجینەی نێو قەفەسی سنگی ئەوان، بە نەکراوەوەیی وبە بیٚ کەڵک وەرگرتنی واتایی، بچێتە نیو گۆڕ - چون ئەمە سووچێکی گەورە و فاجیعەیەکی مەزنی ئینسانیە !
هی وەک *گالیە زور بوە و هەیە !*

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.